**پلاتفۆڕمی هەلی کار**

# ڕێبەری بەکارهێنەر

# زیادکردنی هەلی کاری نوێ

# ناوەڕۆك

پێشەکی ........ 3
ڕۆڵەکانی بەکارهێنەر ........ 3
هەنگاوەکانی زیادکردنی هەلی کاری نوێ ........ 4
تێبینی:- ........ 8
چەند هۆکارێک دەبنە هۆی ئەوەی هەلی کار لە پلاتفۆرمەکەدا دەرنەکەوێ: ........ 9

## پێشەکی

زیادکردنی هەلی کاری نوێ لە پلاتفۆرمەکەدا دەرگایەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی بازاڕی کار و پەیوەندی نێوان کارخوازان و خاوەنکاران. لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەلی کارەکانتان لەم پلاتفۆرمەدا، سوودی بەرچاو بۆ هەردوو لایەن دەبێت:

1. **بەرفراوانکردنی بازاڕی کار:** دەستگەیشتن بە گەورەترین کۆمەڵەی بەهرەمەندانی شارەزا لە بوارە جیاوازەکاندا، بۆ دۆزینەوەی باشترین پسپۆڕانی بوار بۆ پڕۆژەکانتان.
2. **پرۆسەیەکی خێرا و ئاسان:** زیادکردنی هەلی کار بە شێوەیەکی خێرا و ئاسان، بە دابینکردنی هەموو وردەکارییە پێویستەکانی پۆستی کار.
3. **شەفافیەت و بەدواداچوونی پیشەیی:** ئامادەکردنی سیستەمێکی پوخت و ورد بۆ پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندنی داواکارییەکانی کار، بە شێوەیەک کە هەموو وردەکارییەکانی پرۆفایلی کارخوازان بە ئاسانی بۆ خاوەنکاران بەردەست بێت. ئەم سیستەمە هەڵبژاردنی کارمەند ئاسان دەکات بە پێدانی کۆمەڵێک زانیاری پوخت، وەک بڕوانامە، ئەزموون، شارەزایی و توانستەکانی کارخواز، کە یارمەتی خاوەنکاران دەدات بڕیارێکی گونجاو بدەن..

ئەم ڕێبەرە هەنگاو بە هەنگاو یارمەتی خاوەنکاران دەدات لە پرۆسەی زیادکردنی هەلی کاردا، دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە دەتوانن پۆستێکی تەواو و کاریگەر دروست بکەن کە بە شێوەیەکی وردی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانیان بۆ کارمەندان پیشان بدات.

## ڕۆڵەکانی بەکارهێنەر

ئەم ڕۆڵانەی بەکارهێنەر کە دەتوانن هەلی کار زیادبکەن بەم شێوەیەی کە لەم ڕێبەرە باس کراوە:

| ژ. | ناوی ڕۆڵ | وردەکاری |
|---|---|---|
| 1 | خاوەنکار | ئەو کەسانەی کە هەلی کاریان هەیە و دەیانەوێت زیادی بکەن لە پلاتفۆرمەکەدا بۆ دۆزینەوەی باشترین پسپۆڕانی بوار کە لەگەڵ پێویستی پرۆژەکانیان دەگونجێن. |

## هەنگاوەکانی زیادکردنی هەلی کاری نوێ

1. لاپەڕەی سەرەکی

وێبگەڕەکەت بکەرەوە و بڕۆ بۆ لاپەڕەی سەرەکی پلاتفۆرمەکە(https://kar.molsa.gov.krd) ، پاشان کلیک بکە لەسەر دوگمەی "چوونەژوورەوە".




*شێوەی ١: لاپەڕەی سەرەکی*

2. چوونەژوورەوە

له لاپەڕەی چوونە ژووەوە ناوی بەکارهێنەر و وشەی نهێنی بنووسە، لەدوای ئەوە کلیک لەسەر دوگمەی "چوونە ژوورەوە" بکە.




*شێوەی ٢: لاپەڕەی چوونەژوورەوە*

3. کلیک لەسەر دوگمەی "داشبۆردەکەم" بکە

دوای ئەوەی کە بە سەرکەوتوویی چوونە ژوورەوەت ئەنجامدا لاپەڕەی سەرەکی دەبێتەوە و دوگمەی "داشبۆردەکەم" لە بەشی سەرەوە لای چەپ بەدیار دەکەوێت.




*شێوەی٦: لاپەڕەی سەرەکی*

4. هەلی کار

لە داشبۆردەکەت هەموو ئەو مێنیوانە دەبینیت کە پەیوەندی بە بەڕیوەبردنی کارەکانی خاوەنکاردا هەیە، کلیک لەسەر مێنیوی "هەلی کار" بکە.




*شێوەی ٧: داشبۆردی خاوەنکار*

## 5. زیادکردنی هەلی کاری نوێ

کلیک لەسەر دوگمەی " زیادکردنی هەلی کاری نوێ" بکە.




*شێوەی ٨: لاپەڕەی هەلی کارەکان*

6. پڕکردنەوەی زانیارییەکانی هەلی کار

زانیارییەکان پڕبکەرەوە، پاشان کلیک لەسەر دوگمەی "هەڵگرتن" بکە.




*شێوەی ٩: زانیاریەکانی هەلی کار*

## تێبینی:-

بەشی مەرجەکانی هەڵسەنگاندنی کارخواز لەزانیاریەکانی هەلی کار زۆر گرینگە بەوردی پڕبکرێتەوە، مەرجەکانی هەڵسەنگاندنی کارخواز بریتییە لەو بەشانەی کە هەڵسەنگاندنی کارخوازانی پێ ئەنجام دەدرێت لەلایان سیستەمەکەوە کە یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی شیاوترین کارخوازەکان کە لەگەڵ ئەو هەلی کارەدا دەگونجێن. هەڵسەنگاندنی کارخوازان لە لیستی داواکاریەکانی کاردا دەردەکەون کلیک لەم لینکەی خوارەوە بکە بۆ بینینی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی داواکاری کارخوازان:

.(https://kar.molsa.gov.krd/DigitalEmployment/JobApplications)

## چەند هۆکارێک دەبنە هۆی ئەوەی هەلی کار لە پلاتفۆڕمەکەدا دەرنەکەوێ:

1. پرۆفایلی خاوەنکار پەسەند نەکرابێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار.
2. هەلی کارەکە چالاک نەکرابێ.
3. هەلی کارەکە بەسەرچووبێ.